المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
ص: 275-282
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# بایەخدانی زانایانی کورد بە زانستە عەقڵییەکان

## لە میانەی دەستنووسێکی مەلا ئیبراهیمی گۆرانییەوە

عابد ئەحمەد پشدەري

بە شی توێژینە وە ئیسلامییە کان، کۆلێژی زانستە ئیسلامییە کان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: abid.kheder@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئاشکرایە کە مزگەوت وحوجرەکانی کوردستان هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی رابردووش تاکە مەڵبەندی فێربوون و مەعریفە بوون و بگرە دەیان و سەدان زانا و ئەدیب و شاعیر و کەسایەتی سیاسیان پێگەیاندووە، هاوکات رۆڵی بەرچاویان گێراوە لە خزمەتکردنی بزاڤ و رەوشی رۆشنگەری و رزگاریخوازی گەلی کورد. هەرچی دەربارەی قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستانە، ئەوا لە نێوەندی سەرجەم ئەو قوتابخانەیانەدا تەواوی زانستە ئیسلامییەکان خوێندراوەو قوتابی ساڵانێکی زۆری تەمەنی تەرخان کردوە بۆ فێربوونی زانستە جۆراو جۆرەکان. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە زانایانی کوردستان زۆر تر بایەخیان بە زانستە عەقڵییەکان: (مەنتیق، کەلام و فەلسەفە) بەراورد بە زانستەکانی دیکە داوە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر بەشێك لە گرنگیدانی زانایانی کورد بە خوێندنی ئەو زانستانەو قوڵبوونەوەی زیاتریان لەو بوارەدا، ئەویش لە میانەی مۆڵەتنامەیەکی دەستنوسی مەلا ئیبراهیمی گۆرانی، کە نێو براو یەکێکە لە گەورەترین زانایانی کورد لە سەدەی یازدەهەمی کۆچیدا.

**کلیلە وشەکان:** دەستنووس، مەلا ئیبراهیمی گۆرانی، مزگەوت.

**الملخص:**

من المعلوم أن المساجد والمدارس الملحقة بها؛ كانت المراكز الوحيدة للتعلم والتعليم حتى منتصف القرن المنصرم في جميع أنحاء كردستان، وأنجبت تلك المدارس العديد من العلماء والأدباء والشعراء والسياسيين الذين لعبوا دورا كبيرا في تطوير الحركة العلمية والسياسية الكردية.كانت الدراسة تشمل جميع العلوم الإسلامية، وكان الطالب يمضي سنوات طويلة نحو تحصيل تلك العلوم.

لكن ما يلفت النظر هو عناية علمائنا الكرد بالعلوم العقلية ـ من المنطق والكلام والفلسفة ـ أكثر من غيرها.

**كلمات المفتاحية:** المخطوطة، ملا ابراهيم كورانی(گۆرانی)، مسجد

**Abstract:**

Indeed, the mosques and schools were the center of teaching and learning until middle of the last century, in all Kurdistan areas. Moreover, hundreds of religious scholars, politicians, writers and poets had a great role of giving momentum to scientific movements in Kurdish society. In these schools, all different sciences were taught while students spent many years to learn them. However, it can be seen that the Kurdish Muslim scholars focused on the rational sciences, such as logic, kalam and philosophy more than others.

**Keywords:** Handwriteen, Mulla Ibrahim Gorany, Mosque.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.14
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**پێشەکی**

کورد یەکێکە لە گەلە دێرین و ڕەسەنەکانی خۆر هەڵاتی ناوەڕاست و لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی زۆر ترین کارەسات و جەنگ و ماڵوێرانی بۆتەوە، بەڵام هەمیشە توانیوەتی بەرەنگاری ئاستەنگەکان ببێتەوەو پارێزگاری لە زمان و فەرهەنگ و کلتوری ڕەسەنی خۆی بکات.

لەو چرکە ساتەوەش کە ئیسلام گەیشتۆتە سنوری کوردستان؛ گەلی کورد ئەو ئاینەی قبوڵکردوەو شانبەشانی گەلانی جیهان؛ ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاوی هەبووە لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامیدا، هاوکات بەشدارییەکی گرنگی هەبووە لە خزمەتکردنی زانستە عەقڵی و لۆژیکییەکان. بوونی ئەو هەموو مزگەوت و حوجرەو تەکیەو خانەقایەش گەواهی دڵسۆرزی و خەمخۆری گەلی کوردە بۆ ئیسلام.

لەلایەکی دیکەشەوە مزگەوت و حوجرەکان؛ تاکە مەڵبەندی زانستی و مەعریفی بوون لە سەرتاسەری کوردستان و دەیان زانا و شاعیرو ئەدیب و فەیلوسوفیان پێگەیاندووەو بوون بە چرایەکی ڕوناك و ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی زانست و زانیاریدا.

لە قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان ـ شانبەشانی ناوەندە فیکری و مەعریفییەکانی وڵاتانی ئیسلامی وەك میسر، شام، حیجازو مەغریب؛ تەواوی زانستە ئیسلامییەکان خوێندراون، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە؛ زانایانی کورد گرنگییەکی بێ وێنەیان بە خوێندنی زانستە عەقڵییەکانی وەك: مەنتیق و فەلسەفەو کەلام داوە،هاوکات لەم بوارەدا زیاتر ڕۆچون و بەشێکی زۆری نووسین و توێژینەوەکانیان بۆ تەرخانکردوە.

تەنانەت هەندێك لە بنەماڵە و قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان بە زانستە عەقڵییەکان ناسراون و زۆربەی بەرهەمەکانیان لەو بوارەدا بووە، لەوانە: قوتابخانەی ئاینی بنەماڵەی مەردۆخییەکان لە خۆر هەڵاتی کوردستان و بنەماڵەی ماوەرانییەکان لە باشوری کوردستان و چەندانی دیکەش.

ئەم توێژینەوەیەش ئاوڕدانەوەیەکە لەو بابەتە گرنگەو پەردە لادانە لەسەر هەندێك لەو کتێبانەی کە لە مزگەوت و حوجرەکانی کوردستان مەنهەج بوون و خوێندراون، ئەویش لە میانەی مۆڵەتنامەیەکی دەستنوسی مەلا ئیبراهیمی گۆرانی، کە نێو براو یەکێکە لە گەورەترین زانایانی کورد لە سەدەی یازدەهەمی کۆچیدا.

**تەوەری یەکەم: ژیان و کەسایەتی مەلا ئیبراهیمی گۆرانی**

**یەکەم: ناو و ڕەچەڵەکی مەلا ئیبراهیمی گۆرانی**

مامۆستا ناوی ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی کوڕی شیهابودینە، هەر بەدەست و خامەی ڕەنگینی خۆشی ئەم ڕەچەڵەکەی لەسەر زۆرێك لەدانراوەکانی خۆی تۆمار کردوەو خوێندکارەکانیشی بەم جۆرە باسیان لێوەکردوە ، (گۆرانی: 1076).

تەنانەت مێژوو نووسە موسوڵمانەکانیش کە باسیان لە ژیانی مامۆستا کردووە لەسەر ئەم ڕەچەڵەکەی هاوڕان ، (العیاشی: 2006).

**دووەم: نازناوەکانی مەلا ئیبراهیمی گۆرانی**

مامۆستا مەلا ئیبراهیم کۆمەڵێك نازناوی جیاوازی بۆ خۆی بەکارهێناوە، کە هەموویان جەخت لەسەر بەهێزی هەستی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری دەکەنەوەو ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە زانایانی کورد هەرگیز نەتەوەو نیشتمانی خۆیان لەیاد نەکردووە.

یەکەمین نازناو کە مامۆستا هەمیشە ڕاستەوخۆ لەپاڵ ناوی خۆیدا بەکاری هێناوەو هیچ کات فەرامۆشی نەکردوە؛ نازناوی (کوردیە)، مامۆستا زۆر شانازی بەم نازناوەوە کردوەو هەموو کات بە کورد خۆی ناساندووە .

یەکێکی دیکە لە نازناوەکانی مامۆستا ئیبراهیم (گۆرانیە)، ئەمەش ناودارترین نازناوی مامۆستایە لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا و لە نێو زانایانیشدا بەم نازناوە ناسراوە، تەنانەت خۆرهەڵاتناسەکانیش بەم جۆرە مامۆستایان ناساندووە .

شارەزووریش نازناوێکی دیکەی مامۆستا مەلا ئیبراهیمەو شانبەشانی نازناوەکانی پێشوو ئەمیشی بەکارهێناوە .

شایەنی باسە مامۆستا نازناوی (مەدەنیشی) هەبووە، چونکە بەشێکی زۆری ژیانی لە شاری مەدینە بەسەر بردووەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە ، (العیاشی: 2006 النخلی: 1328).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.14
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەرەنجام ناوو نازناوی مەلا ئبراهیم بەم جۆرەیە: ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی کوڕی شیهابودینی کوردی گۆرانی شارەزوری مەدەنی.

بەڵام زانایانی سەردەمی خۆی نازناوی بورهانەدینیان داوە بە مامۆستا، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئاستی شارەزایی و لێهاتووی مامۆستای شارانی لە تەواوی زانستە ئیسلامییەکاندا ، (المرادی: 1988، البغدادی 1951).

**سێیەم: لە دایکبوونی مەلا ئیبراهیمی گۆرانی**

مامۆستا لە مانگی شەوالی ساڵی 1025 کۆچی، بەرامبەر بە ئۆکتۆبەری ساڵی 1616 زاینی لە گوندی شارانی مەریوان لە دایکبووە، مامۆستا ئەم ڕێکەوتەی لە کۆتایی کتێبی (ألامم لإیقاف الهمم) دا تۆمار کردوەو دەڵێت: "مەلا عەباسی قازی کوڕی مەلا ئەبو بەکری موسەنیف، کە خوێندکاری مەلا حسێنی مامم بووە، لە سەر بەرگی کتێبی ئەنوار نوسیوویەتی: مەلا ئیبراهیم لەو ڕێکەوتە لە دایکبووە" ، ( گۆرانی: 1328).

**چوارەم: خوێندنی مەلا ئیبراهیمی گۆرانی**

وەك ئاماژەمان بۆ کرد مامۆستا لەناوچەی شارەزور لە دایکبووە، کە لەو سەردەمەدا مەڵبەندێکی گەورەی زانست بووەو دەیان و سەدان زانای ناوداری تێدا هەڵکەوتووە، مامۆستا مەلا ئیبراهیمی شارانیش یەکێکە لە زانا دیارو گەورەکانی ئەم ناوچەیەو، لە خێزانێکی ئاین پەروەرو زانست دۆستدا چاوی بە دنیا هەڵێناوە.

مەلا حسێنی مامەی مامۆستا مەلا ئیبراهیم؛ یەکێك بووە لە مودەڕیسە گەورەکانی ناوچەی مەریوان و کوڕانی زانای ناوداری کورد مەلا ئەبو بەکری موسەنیف وانەیان لەلا خوێندوە. ئەمەش ژینگەیەکی لەبار بووە بۆ پێگەیشتنی مامۆستا.

گۆرانی وەك نەریتی باوی ئەو سەردەمە؛ هەر لە تاوی لاویەوە ڕوو لە مزگەوت دەکات، کە تاکە فێرگەی زانست و مەعریفەتی گەلی کورد بووەو دەست دەکات بە خوێندنی قورئانی پیرۆز و کتێبە سەرەتاییەکان، پاشان زانستەکانی نەحو و سەرف و فیقە و ئوسوڵی فیقە و تەفسیرو، هەروەها بەلاغە و بەیان دەخوێنێت . (العیاشی: 2006، الحموی: 1432).

دواتر مەلا ئیبراهیم خۆی تەرخاندەکات بۆ خوێندنی زانستە عەقڵییەکانی وەك: مەنتیق و کەلام و فەلسەفەو فەلەکناسی و هەندەسەو زانستە باوەکانی دیکەی ئەو دەمە ، (الشوکانی: 1998).

بورهانەددین زۆرێك لە کۆتا مادەکانی مەلایەتی لەکن مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی کوڕی مەلا ئەبو بەکری موسەنیف دەخوێنێت لە مەریوان ، ( گۆرانی: 1328).

دواتر مەلا ئیبراهیم دەبێتە شاگردی مەلا موحەممەد شەریفی گۆرانی؛ کە یەکێك بووە لە زانا گەورەکانی کورد لەو سەردەمەدا ، ( گۆرانی: 1328)، مامۆستای مەلا ئیبراهیم بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندن و تەواوی ئەو زانستە دەخوێنێت کە لە حوجرەکانی کوردستاندا خوێندراون.

**پێنجەم: کۆچکردنی مەلا ئیبراهیمی گۆرانی و جێهێشتنی نیشتمان**

دوای ئەوەی باوکی مەلا ئیبراهیم کۆچی دوایی دەکات و مەلا موحەمەد شەریفی گۆرانی مامۆستایشی کوردستان جێدەهێڵێت و ڕودەکاتە شاری بەغداد؛ مەلا ئیبراهیمی گۆرانیش بە لە دەستدانی ئەم دوو کەسایەتیە بێتاقەتی ڕوی تێدەکات و سەفەری حەج بیری دەتەنێ، لەو سەردەمەشدا ڕێگەی چوون بۆ حیجاز لە بەغدادەوە بووە، بۆیە مامۆستا لەگەڵ عەبدولڕەحمانی برا بچوکی ڕێگەی بەغداد دەگرنە بەرو لەگەڵ کاروانی حاجیان بەرەو حیجاز بەڕێدەکەون.

دوای چەند ڕۆژدەرچونیان لە بەغداد، عەبدولڕەحمانی برای نەخۆش دەکەوێت و ناتوانێت لەگەشتەکەی بەردەوام بێت، مامۆستا دەڵێت: "کاتێك بینم عەبدولڕەحمان باری تەندروستی زۆر ناتەواوە؛ نەمتوانی تەنیا جێی بهێڵم" ، (العیاشی: 2006، الحموی: 1432).

بۆیە مەلا ئیبراهیم بە ناچاری لەگەڵ عەبدولڕەحمانی برای دەگەڕێتەوە بۆ شاری بەغداد، قەدەری ئیلاهی وادەخوازێت کە مامۆستا ماوەی ساڵ و نیوێك بمینێتەوە ، (العیاشی: 2006، الحموی: 1432).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.14
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەو ماوەیەدا مامۆستا ناوبانگێکی باش پەیدا دەکات و لە هەموو لایەکەوە خوێندکاری کورد و عەرەب و تورك لێی کۆدەبنەوەو زانستە شەرعییەکانی لەلا دەخوێنن .

لە ساڵی (1057) کۆچی؛ مەلا ئیبراهیم ڕو لە وڵاتی شام دەکات و لە شاری دیمەشق نیشتەجێ دەبێت. پاشان لە قوتابخانەی بەدرائیەی حەنبەلییەکان دەبێت بە وانەبێژ. لەو ماوەیەدا چەندین زانای ناوداری جیهانی ئیسلامی لەبەر دەستی پەروەردە دەبن و لە زانستەکانی بەهرەمەند دەبن، لەوانە ئەبولمەواهیبی کوڕی عەبدولباقی حەنبەلی، کە شێخی حەنبەلییەکان بووە لە دیمەشق، هەروەها زانای فەرموودە ناس دەکدەکجی و چەندانی دیکە ، (عبدالباقي: 1070).

دیمەشق دەبێتە وێستگەی وەرچەرخان لە ژیانی مامۆستا مەلا ئیبراهیم و ئەوەی چەندین ساڵە بەدوای دا وێڵە و هەوڵی بۆ دەدات؛ لە دیمەشق بەدەستی دێنێت. ئەو مورشیدە دەدۆزێتەوە کە لە کوردستانەوە عەودالّی بووە، ئەویش شێخ سەفیەدینی قوشاشی مەدەنیە.
مەلا ئیبراهیم بەر لەوەی دیمەشق جێبێڵێت بەرەو مەدینە؛ دەچێتە وڵاتی مسیرو ماوەی چەند مانگێك لە قاهیرە دەمێنێتەوەو دیدار لەگەڵ گەورە زانایانی ئەو وڵاتە ساز دەکات، لەوانە: زانای زمانزانی میسری شیهابودینی خەفاجی و فەقیهی گەورەی میسر شێخ ئەبولعەزائیم سوڵتانی کوڕی ئەحمەدی مەزاحی قاهیری و بەشێك لە کتێبە فیقهییەکانی مەزهەبی شافیعی لەلا دەخوێنێت، لەساڵی 1061 کۆچی لە مزگەتی ئەزهەر مۆڵەتی ڕیوایەت و فەتواو تەدریس دەدات بە مامۆستا ، (گۆرانی: 1076).

مەلا ئیبراهیم لە (1062) کۆچی دەگاتە شاری مەدینەو دوای زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر، بەدیداری شێخی قوشاشی شاد دەبێت و تاسەی چاوەڕوانی دورو درێژی چەندین ساڵەی کۆتایی دێت.

گۆرانی دەبێت بە قوتابی قوشاشی و هەردوو زانستی فەرموودەو تەسەوفی لەلا دەخوێنێت و لەلایەنی ڕۆحیشەوە مامۆستا پەروەردە دەکات و گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری پێدەدات، تا ئەو قۆناغەی مامۆستا خۆیشی دەگاتە پلەی ویلایەت و دەبێت بە مامۆستای عیرفان و تەسەوف.

دوای تەمەنێکی پڕ لە زانست و عیرفان و پێگەیاندنی سەدان زاناو دانانی چەندین کتێبی دانسقە؛ مامۆستای شارانی لە ساڵی (1101) کۆچی، لە خاکی پیرۆزی مەدینە بۆ دواجار چاوەکانی لێك دەنێت و لە گۆڕستانی بەقیع لە نزیك حەلیمەی سەعدیە بە خاك دەسپێردرێت.

**تەوەری دووەم: ناساندنی دەستنووسەکەو ئەو کتێبانەی لە زانستە عەقڵییەکاندا خوێندراون**

ئەم دەستنووسە مۆڵەتنامەیەکی مەلا ئیبراهیمی گۆرانیە کە بۆ یەکێك لە خوێندکارەکانی نووسیووە لە مەدینەی پیرۆز، گرنگی ئەم بەڵگەنامە لەوە دایە کە گۆرانی باس لە تەواوی ئەو وانانە دەکات کە لەو سەردەمەدا لە قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان خوێندراون لە نمونەی: (نەحو و سەرف و بەلاغە و کەلام و فەلسەفە و مەنتیق و فەلەکناسی...).

هاوکات گۆرانی ناوی زۆرێك لەو کتێبانەشی تۆمار کردووە کە مەنهەج بوون لە هەریەك لەم بابەتانەی سەرەوە.

ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە قوتابخانەکانی کوردستان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوون و هیچیان کەمتر نەبووە لە ئەزهەری میسرو زەیتونەی تونس و قەیرەوانی مەغریب.

ئەم دەستنووسە لە پێنج لاپەڕە پێکهاتووەو لە یەکێك لە کتێبخانە تایبەتەکانی وڵاتی (یەمەن) پارێزراوەو ئێمەش وێنەیەکمان دەست کەوتووە.

لەم توێژینەوەیەدا تەنها ئاماژە بەو کتێبانە دەدەین کە لە زانستە عەقڵیەکاندا لە قوتابخانەکانی کوردستان خوێندراون لە وێنەی: (مەنتیق، فەلسەفە و کەلام)، چونکە ئەم سێ بوارە زۆرترین بایەخیان پێدراوە لە لایەن زانایانی کورد لەو سەردەمەدا.

**یەکەم: زانستی مەنتیق**

مەنتیق یا خود لۆژیك ئەو زانستەیە کە کار لەسەر هزری مرۆڤ و ژیری دەکات، هاوکات ڕێگرە لەبەهەڵەدا چوونی مرۆڤ لە کاتی دیالۆگ و گفتوگۆی زانستیداو، چەندین یاسای تایبەت بەخۆی هەیە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.14
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

قوتابخانەکانی کوردستان بایەخێکی زۆریان بەخوێندنی ئەم زانستە داوەو مەلای کوردیش لەگەڵا تەواو کردنی زانستەکانی (نەحو و سەرف) راستەوخۆ دەستیان کردوە بە خوێندنی مەنتیق، چونکە شارەزا بوون لەم زانستە هاوکار دەبێت بۆ باش زیاتر تێگەیشتنی زانستەکانی کەلام و فەلسەفەو ئوسوڵی فیقە.

ئەمانە ناوی هەندێك لەو کتێبانەن کە مەلا ئیبراهیم لە دەستنووسەکەی خۆیدا خۆیدا ئاماژەی پێداون و لە حوجرەکانی کوردستان خوێندراون:

1. کتێبی (شرح الشمسية) کە لە بنەڕەتدا ناوی (تحرير القواعد المنطقية) دانراوی زانای گەورەی سەدەی هەشتەمی کۆچی؛ قوتبەدینی ڕازی، ئەم کتێبە بە یەکێك لە سەر چاوە گرنگ و بەهادارەکانی زانستی مەنتیق ئەژمار دەکرێت، هەر بۆیە زۆرێك لە زانا موسوڵمانەکان پەراوێزیان لە سەر نووسیووە، لەوانە:

**یەکەم:** پەراوێزی فەیلەسوف و کەلامزانی جیهانی ئیسلامی عەللامە عەلی کوڕی موحەممەد؛ ناسراو بە سەید شەریفی جورجانی، ئەم پەراوێزەش هێندە دانسقەو بەهێز بووە؛ کە دواتر چەندین پەراوێزی دیکەی لەسەر دەنوسرێت و لە حوجرەکانی کوردستان دەبن بە مەنهەج، لەوانە:

(أ) پەراوێزی زانای ناوداری وڵاتی فارس و جیهانی ئیسلامی؛ جەلالەددینی دەوانی لەسەر هەریەك لە شەرحی شەمسیەو پەراوێزی جورجانی.
(ب) پەراوێزی سەید سەدرەدینی شیرازی لەسەر هەریەك لە شەرحی شەمسیەو پەراوێزی جورجانی.
(ت) پەراوێزی ئەبو شامە لەسەر هەریەك لە شەرحی شەمسیەو پەراوێزی جورجانی.
(پ) پەراوێزی ئەبی وەردی ناسراو بە دانیشمەند لەسەر پەراوێزی جورجانی.
(ج) پەراوێزی میر جەلیل لەسەر پەراوێزی جورجانی.
(ح) پەراوێزی جەمالەدین مەحمودی فارسی - کە قوتابی جەلالەددینی دەوانی بووە - لە سەر پەراوێزی جورجانی.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە خودی کتێبی (شەرحی شەمسیە) چەندە ناوبانگ و بایەخی هەبووە لە لای زانایان؛ هاوکات پەراوێزی جورجانیش هیچی لەو کەمتر نەبووەو بە هەمان شێوەی ئەو گرنگی پێدراوە.

2. کتێبی (شرح المطالع)، لە دانراوەکانی قوتبەدینی ڕازی، ئەمیش سەر چاوەیەکی دیکەی گرنگی زانستی مەنتیقەو لە ئاستەکانی کۆتاییدا خوێندراوە. سەید شەریفی جورجانی پەراوێزێکیشی بۆ ئەم کتێبە نووسیووەو مەلا ئیبراهیمی گۆرانی لە دەستنوسەکەی خۆیدا ئاماژەی بە خوێندنی ئەمیش کردوە.
3. کتێبی (شرح الشمسية)، لە نوسینی زانای ناوداری جیهانی ئیسلامی سەعدەدینی تەفتازانی.
4. کتێبی (شرح الإيساغوجي)، لە نوسینی شەمسی فەناری ڕۆمی، ئەم کتێبە هێندە کورت و پوختە کە راستەوخۆ لەدوای تەواو کردنی زانستەکانی (نەحو و سەرف)؛ خوێندراوەو وەك سەرەتایەك بووە بۆ چونە نێو زانستی مەنتیق.
5. کتێبی (شرح الإيساغوجي)، ئەمیش شەرحێکی دیکەی کتێبی ئیساغۆجییە لە مەنتیقدا دانراوی حیسامەددینی کاتی.

**دووەم پەراوێزەکان:**

لەگەڵا ئەوەی زانایانی کورد چەندین کتێبی گرنگیان لەم زانستەدا خوێندوە؛ بەڵام بەوەشەوە نەوەستان و لە پاڵیدا کۆمەڵێك پەراوێزیشیان خوێندوە، پێشتر ئاماژەمان بە هەندێکیان دا، لێرەدا هەندێکی دیکە لەو پەراوێزانە دەخەینە ڕوو کە مەلا ئیبراهیم لە کوردستان خوێندویەتی، لەوانە:

1. پەراوێزی جەلالەددینی دەوانی لەسەر کتێبی (تهذيب المنطق) سەعددەدینی تەفتازانی، ئەم کتێبە یەکێکە لە نوسراوە کورت و پوختەکانی مەنتیق، تێگەیشتنی هێندە ئاسان نیە، هەر بۆیە چەندین پەراوێزو ڕونکردنەوەی لەسەر نوسراوەو تا ئێستاش لە هەندێك لە حوجرەکانی کوردستان دەخوێنرێت.
2. پەراوێزی زانای دیارو کەلامزان؛ مەلا حوسێنی خەڵخاڵی لەسەر کتێبی (تهذيب المنطق) تەفتازانی.
3. پەراوێزی زانای گەورە میر ئەبولفەتح لەسەر کتێبی (تهذيب المنطق) تەفتازانی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.14
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**دووەم: زانستی کەلام**

زانستی کەلام بە یەکێك لە کایە مەعریفییە گرنگەکانی نێو هزری ئیسلامی دادەنرێت، لە رێگەی دەقە پیرۆزەکانو بەڵگە عەقڵییەکانەوە کاردەکات بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی ئیسلامیو شیکردنەوەی وردەکاریەکانیو رەواندنەوەی گومانەکان، هاوکات سەلماندنی تەبایی لە نێوان عەقڵو نەقڵدا، (ابن خلدون: 1988).

هەر بۆیە زانایانی کورد گرنگییەکیان بەو زانستە داوەو کاتی زۆریان بۆ خوێندن و قوڵبوونەوە تێیدا تەرخانکردوە، هاوکات زۆرێك لە بەرهەم و نووسینەکانیشیان بە دانان و شەرح و پەراوێزەوە؛ هەر لەم بوارەدا بووە، لەو کتێبانەی مەلا ئیبراهیمی گۆرانی ئاماژەی پێکردون و لە کوردستان خوێندراون:

1. کتێبی (شرح العقائد النسفية)، یەکێك لە پوخترین و بەربڵاوترین دانراوەکانی سەعدەدینی تەفتازانیەو لە زۆربەی قوتابخانە ئاینییەکانی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی مەنهەجی خوێندن بووە، هاوکات دەیان راڤەو شیکردنەوەی بۆ کراوەو؛ چەندین پەراوێزیشی لەسەر نوسراوە، جێی ئاماژە بۆ کردنە ئەم کتێبە تائێستاش لە حوجرەو مزگەوتەکانی کوردستان دەخوێندرێت.
2. کتێبی (شرح المقاصد)، ئەم کتێبەش یەکێکە لە دیارترین کتێبەکانی زانستی کەلام و سەعدەدینی تەفتازانی بە شێوەیەکی چڕو پڕ بابەتە عەقیدەییەکانی شیکردۆتەوەو وەڵامی زۆرێك لە پرسیارە کێشە لەسەرەکانی سەردەمی خۆی داوەتەوە.
3. کتێبی (شرح المواقف)، ئەم کتێبە دانسقەیەش کە عەللامە سەید شەریفی جورجانی دایناوە؛ هاوشانی (شرح المقاصد)، ناوبانگی بەخۆرهەڵات و خۆرئاوای جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبۆتەوەو زۆر ترین راڤەو پەراوێزی بۆ نووسراوەو لە قۆناغەکانی کۆتاییدا خوێندراوە.
4. کتێبی (شرح العقائد العضدية)، یەکێکە لە کتێبە نایابەکانی زانستی کەلام کە جەلالەدینی دەوانی نووسیویەتی و تێیدا (العقيدة العضدية) عەزودەدینی ئیجی شیکردۆتەوە، هاوکات چەندین بابەتی فەلسەفی تێدا وروژاندوەو بەرچەرچی فەیلسوفەکانی داوەتەوە.
5. (رسالە إثبات الواجب الجديدة) نامیلکەیەکی پڕ بایەخە لە زانستی کەلامدا، جەلالەدینی دەوانی لەم نوسراوەدا باس لە چەسپاندنی بوونی خوا دەکات و سیفاتەکانیشی باس دەکات.
6. (رسالە الزوراء وحواشيها)، کتێبێکی دیکەی جەلالەدینی دەوانی یە لە زانستی کەلام و هەر خۆشی چەند پەراوێزێکی لەسەر نوسیوە، جێی ئاماژە بۆ کردنە کە زۆرێك لە زانایانی کوردیش راڤەیان بۆ ئەم کتێبە کردوەو پەراوێزیان لەسەر نووسیووە، لەوانە زانای گەورەی کورد ئیبراهیمی سەفەوی.
7. (رسالە إثبات الواجب)، لە دانراوەکانی سەید سەدرەدینی شیرازی؛ یەکێکی دیکەیە لەو کتێبانەی زانستی کەلام، کە لە حوجرەکانی کوردستان خوێندراوە.
8. (رسالە إثبات الواجب)، لە نوسینی مەلا حوسێنی خەڵخاڵی یە؛ کە قوتابی مەلا میرزاجانی شیرازی بووە.

**سێیەم: فەلسەفە**

خوێندن لە حوجرەو مزگەوتەکانی کوردستان ئەوەندە لە ئاستێکی بەرزدابووە؛ کە مەلای کورد توانیویەتی تەواوی زانستە عەقڵییەکان بخوێنێت و لە زادەو بیری زانایانی پێش خۆیان بەهرە مەند بین، فەلسەفەش وەك بەشێکی دیارو گرنگی زانستە عەقڵییەکان حزورێکی زۆر باشی هەبووە لە قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان و شانبەشانی زانستەکانی کەلام، ئوسوڵ، فیقە و مەنتیق خوێندراوە بەبێ هیچ جیا کارییەك.

مەلا ئیبراهیم لە دەستنووسەکەی خۆیدا؛ ئاماژەی بە چەند سەرچاوەیەکی گرنگی فەلسەفی داوە کە لەو سەردەمەدا مەنهەج بوون لە کوردستان، لەوانە:

1. کتێبی (الشفاء) دانراوی فەیلەسوفی موسوڵمان ئەبو عەلی ئیبنو سینا، ئەم کتێبە بە گەورەترین سەرچاوە دادەنرێت لە فەلسەفەی ئیسلامیدا.
2. (شرح الإشارات)، دانراوی زاناو کەلامزانی بە توانای شیعە نەسیرەدینی توسی کە راڤەو لێکدانەوەیە بۆ کتێبی (الإشارات) ئیبنو سینا.
3. کتێبی (تهافت الفلاسفه) مەلا خواجەی ڕۆمی، کە موحاکەمەیە لە نێوان هەردو زانای ناوداری جیهانی ئیسلامی؛ ئەبو حامیدی غەزالی کەلامزان و ئیبنو ڕوشدی فەیلەسوف.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.14
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

4. کتێبی (شرح هداية الحكمة) دانراوی میرەك شەمسەدینی موبارەك شاهی بوخاری، ئەم کتێبە ڕاڤەو لێکدانەوەیە بۆ (هداية الحكمه) ئەسیرەدینی ئەبەهری، کە یەکێکە لە کتێبە دیارو دانسقەکانی بواری مەنتیق و فەلسەفەو کەلام.
5. شەرحی قازی میر حوسێنی مەیبیزی لەسەر کتێبی (هداية الحكمة) ئەسیرەدینی ئەبەهری.
6. کتێبی (شرح حكمة العين) موبارەك شاهی بوخاری کەلێکۆڵینەوەیە لەسەر کتێبی (حکمە العين) نەجمەدینی کاتبی قەزوینی؛ کە یەکێکە لە کتێبە دیارو گرنگەکانی بواری حیکمەت و فەلسەفەی ئیسلامی، هەر بۆیە چەندین زانای ناوداری ئەو سەردەمە شەرح و پەراوێزیان لەسەر نووسیووەو شیکردنەوەیان بۆ چەمکە جۆراو جۆرەکانی کردووە.
7. پەراوێزی زانای ناو دار عەلامە سەید شەریفی جورجانی لەسەر کتێبی (حکمة العين).
8. کتێبی (حكمة الإشراق) شیهابەدینی سوهرەوەردی، بە شەرح و لێکدانەوەی قوتبەدینی شیرازی.
9. پەراوێزی مەلا موحەممەد شەریفی گۆرانی لەسەر کتێبی (الشفاء) ئەبو عەلی ئیبنو سینا.

**دەرەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگ بدەین:

**یەکەم:** ئەم دەستنووسە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دانسقەیە، کە تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێکی گرنکی تایبەت بە مزگەوت و حوجرەکانی کوردستان و ئاستی خوێندن لەو سەردەمەدا.
**دووەم:** خوێندنی ئاینی لەو سەردەمەدا لە ئاستێکی زۆر باڵادا بووەو فەقێ و مەلای کورد بەشێکی زۆری تەمەنیان بۆ خوێندن و قوڵبوونەوە لە زانستە شەرعی و عەقڵییەکان تەرخان کردوە.
**سێیەم:** لە هەر زانستێکدا چەندین کتێبی گرنگ و جۆراوجۆر خوێندراوە، بەرادەیەك زانای کورد لەو سەردەمەدا پیسپۆری تەواویان هەبووە لە زۆربەی زانستە ئیسلامییەکاندا.
**چوارەم:** لەم بەڵگەنامە ئەوە دەردەکەوێت؛ کە زانستە عەقڵییەکان لە کوردستان گرنگی زیاتریان پێدراوەو مەلای کورد لەو بوارەدا زیاتر لێکوڵینەوەیان ئەنجام داوە.
**پێنجەم:** ئەم بەڵگەنامە دەوڵەمەندیی کتێبخانەی مزگەوت و حوجرەکانی کوردستان پیشان دەدات، هەرچەندە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستان لە لادێ و شوێنە دوورە دەستەکان بوون، بەڵام هیچ کات ئەوە ڕێگر نەبووە لەبەر دەم دروستکردنی کتێبخانەی دەست نووس لەو سەردەمەدا.

**سەرچاوەکان**

البغدادي (سماعيل بن محمد أمين بن مير سليم الباباني، ت: 1399هـ):
1. هدية العارفين، دار إحياء التراث العربي بيروت – لبنان.

الجبرتي (عبد الرحمن بن حسن، ت: 1237هـ):
2. عجائب الآثار، مطبعة الشرقية، مصر.

الحموي (مصطفى بن فتح الله، ت 1123هـ):
3. فوائد الارتحال ونتائج السفر، تحقيق: عبدالله محمد الكندري، دار النوادر، الطبعة الأولى، 1432هـ_2011م.

الحنبلي ( محمد بن عبدالباقي بن عبدالقادر، ت: 1071هـ):
4. رياض الجنة في آثار أهل السنة، مكتبة الملك عبد الله، تحت رقم: 2/20563.

ابن خلدون (عبدالرحمن بن محمد ت808هـ)
5. تاريخ ابن خلدون، تحقيق: خليل شحادة، الطبعة الثانية، 1408هـ - 1988م.

الكوراني (إبراهيم بن حسن بن شهاب الدين ت 1101هـ):
6. مسالك الأبرار إلى أحاديث النبي المختار، دەستنووس، کتێبخانەی ئەحقاف، یەمەن، ژمارە: 2789.
7. الأمم لإيقاظ الهمم، دائرة المعارف النظامية، حيدر آباد، الطبعة الأولى، 1328هـ..

العياشي (عبدالله بن محمد بن أبي بكر، ت: 1090):
8. الرحلة العياشية، تحقيق: د. سعيد الفاضلي، و د. سليمان القرشي، دار السويدي، أبو ظبي، الطبعة الأولى، 2006م.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.14
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

المرادي (محمد خليل بن علي مراد الحسيني، ت: 1206هـ):

9. سلك الدرر في أعيان القرن الثاني عشر، دار البشائر الإسلامية، دار ابن حزم، الطبعة الثالثة، 1408هـ - 1988م.

النخلي أحمد بن محمد، ت 1130هـ):

10. بغية الطالبين لبيان المشائخ المحققين المعتمدين، دائرة المعارف النظامية، حيدر آباد، الطبعة الأولى، 1328هـ..

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.14

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)